# باشترین تەکنەلۆژییە دیجیتالییەکانی ساڵی


**ساڵی 2010 لە بواری داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، ساڵێکی باش بوو دەستکەوتی زۆری تێدا بەدیهات، لەم ساڵەدا کۆمپانیاکان رکابەرێکی زۆریان لە**

## سامسۆنگ Galaxy S:



لەنێوان ئەو مۆبایلانەی کە لە ساڵی 2010دا بەرهەم هاتن، دەکرێ بڵێین ساڵ ساڵی مۆبایلی جۆری ئەندرۆید بوو. لە نێوان مۆبایلەکانی ئەندرویدیشدا سامسۆنگی Galaxy S لە ریزی باشترینەکانیاندایە. خاڵی بەرچاوی باشی ئەو مۆبایلە دەگەڕێتەوە بۆ کوالیتی بەرزی شاشەکەی.

## :iPad



ئای پاد یەکەمین تەبلێتی (tablet)ی لەمسی لە مێژووی کۆمپیوتەردا نییە، بەڵام سەرکەوتووترینانە. ئەو ئامێرە تەنیا دوای سێ مانگ لەبەرهەم هاتنی 3 ملیۆنی لێ فرۆشرا.

## :MACbook



تا کۆتاییەکانی ساڵی 2010 ئەو لاپتۆپەی ئەپل باشترین و بچووکترین و جوانترین جۆری لاپتۆپە. لەو لاپتۆپەدا لەبری هارد دیسك لە میمۆری جۆری SSD سوود وەرگیراوە. کە خێراییەکی سەرسامهێنەری بەو کۆمپیوتەرە بەخشیوە. لەگەڵ ئەوەشدا کێشی لاپتۆپەکەش زۆر کەمە و کەمترە لە کیلۆیەك.

## مۆبایلی گوگل :Nexus One



گوگل ئەم ساڵ لە بواری داهێنانی ئامێری دیکەی دیجیتالیش خۆی تاقی کردەوە، تە لە ڤز یۆ ن و مۆبایل و لاپتۆپ لە داهێنانەکانی ئەمساڵی گوگل بوون، مۆبایلی Nexus one یەکەمین مۆبایلی گوگل بوو. هەرچەندە گوگل بەمەش نەوەستا لە کۆتایی ساڵی 2010دا مۆبایلی جۆری Nexus Sیشی بەرهەمهێنا.

## تەلەڤزیۆنی گوگل لەسەر ئامێری لاجیتک ریو



لە ساڵی 2010دا تەلەڤزیۆنیش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە دی، رۆژێك دادێت تەلەڤزیۆنەکان بەبێ هێڵی ئەنتەرنێت نابن، ئەوکات نە تەنیا کەناڵەکانی ناوخۆ بگرە هەزاران کەناڵی دیکە لە رێگەی هێڵی ئەنتەرنێت وەردەگرن. گوگل لە ساڵی 2010 هەنگاوێکی باشی بۆ ئەم مەبەستە هاویشت. ئامێری Revue بەرهەم هێنا کە لەنێوان تەلەڤزیۆنەکە و کێبڵەکە جێ دەگرێ و ئەرکی بەرێ کردنی زانیاری بۆ تەلەڤزیۆنی هەیە. بەو ئامێرە دەتوانی هەم سەیری تەلەڤزیۆن بکەی و هەم لاپەرەی ئەنتەرنێتیش بکەیەوە.

# 2010 له دیدی ڕۆژنامەی timeی ئەمەریکی

**نێواندا روویدا. ئێستا کە دوایین ساڵەکانی 2010یە باس لە (10) ئامێری تەکنەلۆژی دەکەین کە بەرای ڕۆژنامەی تایم لە ریزی پێشەوەدان.**

## تەلەڤزیۆنی ئەپل:



کۆمپانیای ئەپلیش لە داهێنانی تەکنەلۆژیادا هەر خۆی لە چوارچێوەی مۆبایل و کۆمپیوتەردا نەهێشتەوە و رووی کردە بەرهەمهێنانی TVیش. ئەو تەلەڤزیۆنە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ تەلەڤزیۆنێکی کلاسیکی، چونکە لەو تەلەڤزیۆنەدا بەکارهێنەر دەتوانێ وێنەکانی خۆی بۆ شوێنی دیکەش بەرێ بکات.

## کینیکت:




کینتیك کۆنترۆلەر لە راستیدا پلەی ستەیشێنێکی پێشکەوتووە کە لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە هاتە بەرهەم، ئامێرەکە بە X box 360 پەیوەند دەدرێ، ئەوکاتە ئەو هەلە بۆ ئەو کەسەی گەمە دەکات دەرەخسێنێ کە بە جوڵەی خۆی گەمە کۆنترۆڵ بکات، واتە ئەگەر باسکت راوەشێنی کارەکتەری ناو گەمەش ئەو کردارە ئەنجام دەدات.

## توشیبا لیبرتۆ



توشیبا لیبرتۆ ریزی داهێنانەکانی ساڵی 2010دایە، کۆمپیوتەرێکی جۆری tablet ە، بەڵام گۆڕانکارییەکی نوێیە لە کۆمپیوتەردا، چونکە لەو کۆمپیوتەرەدا کیبۆرد بوونی نییە و تەنیا پێکهاتووە لە دوو شاشەی لەمسی، شاشەیەکیان دەبێتە کیبۆرد. هەروەها ئەگەر بەشێوەی ئاسۆیی بەدەستیەوە بگری دەبێتە کتێبخانەیەکی دیجیتالی، ئەگەر بە ستوونشی دابنێی دەبێتە لاپتۆپێکی باش.



## :Nook color

کتێبخانەی دیجیتالی بە تەواوی جۆری خوێندنەوەی لە خوێنەوەی سەر کاغەزەوە گۆڕی بۆ سەر خوێندنەوەی سەر شاشە، بەڵام کتێبخانە دیجیتالییەکان تا داهێنانی Nook color تەنیا رەش و سپی بوون، بەڵام ئەو ئامێرە تەواو رەنگییە. بۆ ئەوانەی کە ئەهلی خوێندنەوەن باشترین جۆری کتێبخانەیە کە دەکرێ هەزاران کتێب لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

## :iPhone 4



مۆبایلی جۆری ئەیفۆن توانی گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی مۆبایلدا پێك بێنێ، شاشەی کوالیتی بەرزی ئەم مۆبایلە باشترین شاشە بوو کە تا ئێستا بەرهەم هاتبێ. توانایەکی نوێ کە بۆ ئەم مۆبایلە داندراوە کامێرای پێشەوە و پرۆگرامی Face time ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەرەخسێنێ کە چاتکردنی ڤیدیۆیی هەبێت.



# کۆمپانیای Dell لە لاپتۆپەوە بۆ مۆبایل



کۆمپانیاکانی بەرهەمێنی ئامێری دیجیتالی، پاش ئەوەی کە لە بەرهەمهێنانی ئامێرێکدا سەرکەوتوو دەبن و بەباشی دەناسرێن، خۆیان لە بەرهەمهێنانی ئامێری دیکەشـــدا تاقی دەکەنەوە. وەك کۆمپانیای Dell کە زیاتر وەك کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی لاپتۆپ ناسراوە، لە راستیشـــدا لەو بوارەدا ســـەرکەوتووە. ئـــەم کۆمپانیایە لـــەم دواییانەدا مۆبایلی جـــۆری Streakی بەرهەم هێناوە، کە هەم مۆبایلێکی هۆشـــمەندە و هەم کۆمپیوتەریشـــە. ئەو کۆمپیوتەرە مۆبایلە بە دیزاینە سەرنج راکێشەکەی شوێنگرەوەیەکی باشی iphone و ipadە.

# گوگل خزمەتگوزاری تۆمارکردنی دەنگ لەسەر Gmail دادەنێت

هەروەك لە ژمارەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا کە گوگل نیازی هەیە لە ساڵی 2011دا گۆڕانکارییەکی نوێ لە خزمەتگوزارییەکانی خۆیدا بێنێتە دی. لە نوێترین گۆڕانکاری گوگڵدا تایبەتمەندی تۆمارکردنی دەنگی لەســـەر Gmail زیاد کردوە. ئـــەو تایبەتمەندییە دوای ئەوە هات کە گوگل خزمەتگوزاری تەلەفۆنی ئەنتەرنێتی لەسەر Gmail دانـــا، هەرچەند ئەو خزمەتگوزارییە لە عێـــراق و لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ئەکتیف نییە، بەڵام گـــوگل بەڵێنی داوە لە ساڵی 2011دا ئەو خزمەتگوزارییە لە سەرانسەری جیهاندا ئەکتیف بکات. ئەو تایبەتمەندییە بۆ رۆژنامەنووســـان زۆر بە ســـوودە، چونکە بەبێ هیچ چەشـــنە پرۆگرامێك دەتوانن هەر لە Gmail دا تەلەفۆن بکەن و دەنگی تەلەفۆن کردنەکەش تۆمار بکەن.







# پرۆگرامێک بۆ دانانی باکگراوەند لە پشت وێنەدا

زۆر جار کە وێنە دەگریت جا لە شـــەقام بێ یان لە وێنەگری، یان لە هەر شـــوێنێکی تـــر، حەز دەکەی باکگراوەندی پشـــت وێنەکەت لابەی، بۆ نموونە پشت وێنەکەت دیوارێکە، یان دارێکە یان پەردەی سور و شینی وێنەگرییە. بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ئەو کارە ئەنجام دەدرێ، بەڵام نەك بە ســـانایی و پێویســـتی بە شارەزاییەکی زۆرە. بەڵام پرۆگرامی FXhome Photo-key زۆر بە ئاســـانی باکگراوەندی پشت وێنەکانتان دەکاتە ئەو وێنەیە کە حەزی لێدەکـــەی، وەك لێواری دەریا، باخچەیەکی پر لە گوڵ یان..تاد. بە هۆی ئەو پرۆگرامەوە بەبێ شـــارەزاییەکی ئەوتۆ لە کاری فۆتۆشـــۆپ و پرۆگرامە هاوشـــێوەکانی دیکە دەتوانی باکگراوەندی وێنەکانتان بگۆڕن.

# فەرمانی دوگمە قەدبڕەکان لە ویندۆز7دا



چەند ژمارەیەك بەر لە ئێستا باسی هەندێك دوگمەی قەدبڕمان کرد کە لە ویندۆز7دا رۆڵێکی کارا دەبینن، ئەگەر کارکردن بەو دوگمانە بزانن بێگومان هەم بە خێرایی فەرمانەکان جێبەجێ دەبن و هەم ئەوەندەش پەنا بۆ ماوس نابەن. هەندێك لەو دوگمانەی کە ئەرکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدەن ئەوانەن:

F1 – فەرمانی لاپەڕەی رێنماکار نیشان دەدات.

F2- بە داگرتنی ئەو دوگمەیە فۆلدەر یان فایلی دیاریکراو دەتوانی ناوەکەی بگۆڕی.

F3- ویندۆی بەدواداگەڕان دەکاتەوە واتە (سێرچ)کردن.

Ctrl+F4- ئەو دوو دوگمەیە گەر پێکەوە دابگیرێن ئەو فایلەی کراوەتەوە دادەخات.

Alt+F4- داگرتنی ئەو دوو دوگمەیە پێکەوە ئەو پرۆگرامەی کردووتەوە دادەخات.

F5- لاپەڕەکە سەرلەنوێ رێك دەخاتەوە.

F6- دەتوانی لە نێوان دیسکتۆپ و مینۆی ستارت و شریتی خوار دیسکتۆپ هەڵبژاردن بکەی.

F10- شریتی سەروی پرۆگرامەکان ئەکتیڤ دەکات.

Delete- فایلی هەڵبژێردراو دەخاتە ناو سەتڵی فرێدان.

ئەوانە بەشێك بوون لە دوگمە قەدبڕەکانی ویندۆز7، لە داهاتووشدا بە دوگمەکانی تر ئاشناتان دەکەین. دیارە ئەوانەی ئاماژەمان پێدان تەنیا بۆ ئەوانە سوودیان هەیە کە تازە خەریکی فێربوونی کۆمپیوتەرن، ئەگینا ئەوەی شارەزایی هەیە لەسەر کۆمپیوتەر، کار وفەرمانی ئەو دوگمانە دەزانێت.

# لە فەیس بووکدا فایلەکانی office بکەوە




کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەیاند کە بەدەست پێکردنی سیستەمی پێشکەوتووی پەیامەکانی فەیس بووك، دەتوانی فایلەکانی office هەر لە لاپەڕەی فەیس بووکەکەتدا بکەیەوە. سیستەمە نوێیەکەی ناردنی پەیام لە فەیس بووکدا نەتەنیا کورتە پەیامەکان، ئیمێل و SMSەکان وەردەگرێ، بگرە دەتوانێ فایلەکانی مایکرۆسۆفت وەك word، Powerpoint، Excelیش وەربگرێ. سیستەمە نوێیەکەی فەیس بووك لەگەڵ سیستەمی office web apps تێکەڵ بەیەك بۆتەوە هەتا بەکارهێنەرانی فەیس بووك بتوانن فایلەکانی word، Power point، Excel بە تەنیا کلیکێك سەیر بکەی

